# ئەگەر رەشنوسی دەستوور بەر شەپۆلی "نا" کەوت، چی روو ئەدا؟

**ئەمجەد غەفور**
ghafur@ukonline.co.uk

**رەشنوسێکی کۆنەپەرستانەی دژی ئینسانی، کە بە ریکەوتنو بەرژەوەندیەکانی چەند هیزیکی میلشیایی ئیسلامیو عروبەو کوردایەتیو عەشیرەتی نوسراوەتەوە، وا بەرێوەیە بۆ دەنگدان، ئەو هیزانە تەواوی تواناو پرۆپاگەندەی چەواشەکاریو فرتو فیلی خۆیان خستۆتە گەر، بانگەوازی خەلکی دەکەن دەنگی "بەلیٚ" بە دەستوور بدەن، جۆرها دروشمو پەیمانی باوەر پیٚ نەکراوی فریوکارانەیان زەق کردۆتەوە، تا ئەو رەشنوسەی تەڵەی ئایندەیکی تاریکترو پر لە ئاژاوترو کیژاویکی بیٚوینە بۆ ژیانی خەلکی عیراق دەنیٚتەوە، لە لایەن خەلکیشەوە رەسمیەت وەرگریٚت.**

**هوشیار زیباری وەزیری دەرەوەی عیراق بە دوای ئەو هەموو بانگەوازو هەراوهوریایەدا بۆ ئەوەی رەشنوسەکەیان بە بەلاش زال کەن بەسەر خەلکیدا، دەفەرمویٚ: "ئەگەر ئەو دەستوورە دەنگ نەهینیٚ ئاژاوە بەر پا دەبیٚت".**

**هوشیار زیباری خەریکەبە ترسو هەرەشە خەلکی دەنیٚرت بۆ دەنگدان، وەك ئەوەی لە ولاتیکی ئازادو ئارامو خۆشگوزەران بە راحەتیو بیٚ گرفت دانیشتوین، لە هیچمان کەم نییە، ئەگەر دەنگ بەو دەستوورە نەدەین، لیٚمان زەوت دەکەنو لە کیسمان دەچن، دیارە ئەو هیزە کۆنەپەرستانە لە گەل ئەو هەموو دەردی سەرىو نەهامەتیەی بە سەر عیراقیاندا هیناوەو وهیلاكو ویرانیان کردووە، پیمان رادەگەیەنن ئەگەر دەنگی بەڵیٚ بە دستوور نەدەن لەوەش خرابتر چاوەروان بکەن.**

**لە سایەی ئەو هیزە سیاسیانەی سودمەندن لە هیرشی ویرانکاری هیزەکانی ئەمریکاوبەرماوەی جەنگ دەچننەوە، لە زەخیرەکانیاندا هەلی دەچنن، دەوریکی سەرەکیان بووە لە ئاژاوەنانەوەی وەزعی سیاسی عیراقدا، کە بە هیچ جۆرێك پیشبینی ئەوەیان لیٚ ناکریٚت لە هەولی ئەوەدابن دەولەتیٚك لە عیراقدا دامەزریٚنن، کە تەنها دابینی ئارامیو جگیری سیاسی بکات، خۆشیان بەشیکی سەرەکەین لە پال دەولەتی ئەمریکاو تەواوی ئەو لایەنانەی ئاژاوەیان لە عیراقدا کردۆتە نمونەیەکی جیهانی، لەم واقعیەتەیانەوە ئەو رەشنوسەیان دارشتووەو خەریکن دەرخواردمان ئەدەن.**

**لە چ شوینو زەمانیکدا دەستوور بۆتە هۆی کۆتایی هینان بە ئاژاوە، یان بە پیچەوانەوە، بەلکو دەبیت کۆتای بە ئاژاوە بهینریت، ئارامیو جیگیری سیاسی دابین بکریٚت، خەلك ئحساسی ئەمنیەتو راحەتی بکات، هیچ ئایدۆلۆژیو عەقیدەیەك نەسەپینرابیٚت، ئازادی سیاسی لە نیو کۆمەلگەدا سایەی کردبیٚت، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی گونجاو فەراهەم بیٚت کە تەرحو باسی دەستوور، دامەزراندنی جۆرو شیوازی دەولەت، فرسەتی دەخالەتی فراوانی جەماوەری خەلکی تیا مسۆگەر بکریٚت.**

**عیراقیٚك کە بەدوای هیرشی ئەمریکا بۆتە مەیدانی رمبازیٚنی تیرۆرستان، شەری تائیفیو قەومیو ئاینی، ئاژاوە بە دوای ئاژاوەدا دەخولقینیٚ، لە هیچ کونجیکی ئەم ولاتەدا ئاسایشو سەلامەتی پەیدا ناکەیت، ئیستا بۆچی گەر دەستوور دەنگ نەهینیٚت ئاژاوە دەخولقیٚ، ئەمە دەستوورە بۆ ریکخستنی دەولەت، یا ریکەوتنی ئاشتی نامەی چەند هیزیٚك، کە بە شیوەیەکی کاتی ریکەوتون تا ئەوکاتەی هەر لایەکیان تەوازنی هیز بە قازانجی خۆی دەگۆریت، دەیانەویٚ بە فریوی راپرسی پەنجە مۆری خەلکی بدەن لەو ریکەوتنەی کە بیٚ سەروبەرو نا مەعلومو ترسناکە.**

ئەم داوا هەرەشاویەی هوشیار زیباری، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ خۆشیان وەك هیزی حیزبەکانی کوردایەتی و شەریك لە حکومەتی ئیستادا، ناتوانن زەمانەتی ئەوە بدەن کە دەور لە کۆتایی هینانی ئاژاوەدا بینین، چونکە خۆیشان لایەنێکن لە هەلگیرسانی ئەو ئاژاوەیە، وە بەشداریان لە دارشتنی رەشنوسیکدایە سەرتاپای شەرخوازی و نائیسنانیەو چارەنوسی کوردستان بە نادیاری رادەگرێت.

بۆیە بە پیچەوانەی گوتاری هوشیار زیباری و بانگەشەی هیزەکانی ناو حکومەتی ئیستای عیراق، دەنگدان بەو دەستوورەو فریوخواردن بەو بانگەوازانە، زیاتر بەرەو رووی مەترسی ئاژاوەی شەری قەومی و تائیفی و سەپاندنی ئەحکامی ئیسلامی و هیزە میلشیاییەکان دەبینەوە. ئەم رەشنوسە پر ئاژاوەو ترسناکە، دەبێت بە تەواوی هیزمانەوە لەبەرامبەریا بجەنگین و توری هەلدەین، ئەمە دەستووری ریکخستنی وولاتیك نیە بۆ دابین کردنی جیگیری سیاسی و ئاسایش و دانانی یاسای ئینسانی، رەشنوسیکە سەرتاپای کۆنەپەرستی و نائیسنانی پێ شیلکردنی ماف ئینسانی تیا داریژراوە، رەشنوسیکە چەند هیزیکی دژی خەلکی کە هەر ئیستا بۆ خۆیان لە کیشمەکیش و شەرو ئاژاوەدان، هەر لایەکیان بەدوای دەستکەوتی بەشی شیرە بۆخۆی، ریکەوتن نامەیەکیان دەرکردووەو ناویان ناوە دەستوور، دەنگدان بەم رەشنوسە قەبول کردنی مل کەچیە بۆ سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەو هیزە کۆنەپەرستانە، بۆیە دەنگهینانی ئەم رەشنوسە ئایندەیەکی ترسانکترو پر ئاژاوەترمان دەخاتە بەردەم، بە پیچەوانەشەوە وەستانەوە بە رویداو قەبول نەکردنی ئەو رەشنوسە، لەگەل ئەوەی ریسواکردنی ئەو هیزانەو درۆو دەلەسەو وەعدەکانیانە، لە هەمان کاتدا دەنگی نارەزایەتی جەماوەری خەلك دەبێتە هەنگاویکی جدی بۆ هاتنە مەیدانی دەوری خەلك لە بەرگرتن بە ئاژاوەی شەری قەومی وئاینی و تائیفی کە ئەو هیزە سیاسانەی لە دەسەلاتی سیاسیدان خولقینەرین.

واتە گەر ئەم رەشنوسە بە دەنگی "بەلی" سەرکەوتنی بەدەست هینا ئەوە چاوەروانی ئایندەکی پر مەترسی بین بۆ خۆمان و منالەکانمان و کوشتنی بەکۆمەل و ئەنفال و شەری شیعەو عەرەب و کورد، کە هاتنە دەرەوەو رزگار بونمان زۆر سەختر دەبێت.

ئەگەر ئەم رەشنوسە بەر شەپۆلی "نا" و ریسواکردن بکەوێت، هەنگاویکی گرنگمان ناوە بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعی سیاسی عیراق و چارەنوسی کوردستان.